وانەی دووهەم:

هەر وەک پێشتر باسمان کرد بۆ دەرپڕینی وشە پێویستمان بەوەیە کە هەم پیتی دەنگدارمان بێ هەم پیتی بێدەنگ وانەی پێشوو زیاتر سەبارەت بە پیتە بێدەنگەکان بوو هەر بۆیە لە درێژەی باسەکەماندا دەچینە سەر پیتە دەنگدارەکان.

پیتی دەنگداری " ا" کە لە زمانی کوردی و فارسیدا بە یەک شێوە دەنووسرێ و هیچ کات لە سەرەتای وشە دا نایا، هەمیشە لە پێش ئەودا پیتێکی بێدەنگ هەیە

بۆ وێنە: باران . جاران . ڕێگا . دیدار

پیتی دەنگداری "و" ،ئەم پیتە لە ڕووی نووسینەوە لە پیتی بێدەنگەکانیش دا هەیە بەڵام بە هۆی چۆنیەی جێگرتنی لە وشەدا دەبێتە بێدەنگ یا دەنگدار واتە ئەگەر لە پێش ئەودا پیتی بێدەنگ هاتبێ ئەوە دەنگدارە و بە پێچەوانەش ئەگەر پیتی پێش ئەو دەنگدار بێ ئەوە بێدەنگە بۆ وێنە چەن وشە دەنووسم کە لەواندا هەم پیتی "و" دەنگدار بێ هەم بێدەنگ.

دەنگدار: گوڵ _ توند _ چون _ تورد _ کوند _ گوند _ کورد

بێدەنگ: چاو _ داو _ ناو _ وان _ وریا _ وزە _ کەو

وەک تێبینی دەتوانین بڵێین کە هەمیشە پیتی " و" لە سەرەتا دا بێدەنگە .

.پیتی دەنگداری "وو" کە هاوشێوەی پتی "او " لە زمانی فارسی دایە و لە ڕووی دەرپڕینەوە لە گەڵ پیتی "و" فەرق دەکات و زیاتر دەکێشرێ.

بۆ وێنە : دوو _ سنوور _ چلوورە _ باشوور _ باکوور _

پیتی دەنگداری " ۆ " کە هاوشێوەی " ـُ " واتە "ضمە" لە زمانی فارسی دایە کە هەر کات نیشانە حەوت چووە سەر "و" دەبێتە "ۆ"

بۆ وێنە: تۆ _ خۆش _ نۆش _ هۆرە _ نۆرە _ بۆر

پیتی دەنگداری " ـێ ، ێـ " کە هاوشێوەی " ـِ " واتە " کسرە" لە زمانی فارسی دایەو هەمیشە دوای پیتی بێدەنگ دێ

بۆ وێنە: ئێرە _ خۆشم دەوێ_ هێرش _ دێم _ هێمن

پیتی دەنگداری "ـی ، یـ " ئەم پیتەش لە هەر دوو بەشی دەنگدار و بێدەنگدا هەیە و بە هۆی چۆنیەتی جێگرتنی لە وشەدا دەبێتە بێدەنگ یا دەنگدار و هەر کات لە سەرەتای وشەدا بێ ئەوە بێدەنگە بۆ هەر کام لە جۆرەکانی ئەو پیتە چەن وشە دەنووسم

دەنگدار: دیم _ دیدار _ چین _ شین _

بێدەنگ: یار _ نەی _ کەی_ یادگار_

پیتی دەنگداری " ە " کە هاوشێوەی _َ " واتە فتحە لە زمانی فارسی دایە کە هەمیشە لە دوای پیتی بێدەنگ دێ

بۆ وێنە: فارسی_ بهمن ـــــ کوردی : بەهمەن فارسی_ درد ـــــ کوردی " دەرد

وەک: دەڕۆم _ دەچم _ دەخۆم _ دە _ بانە _ سنە

بزرۆکە یا کورتە بزوێن:

بزرۆکە یەکێک لە پیتە دەنگدارەکانی زمانی کوردیە کە هەمیشە دەکەوێتە نێوان دوو پیتی بێدەنگ بە تایبەت لە سەرەتای وشەدا زۆر جار دوو پیتی بێدەنگ بە دوای یەک دا دێن،زۆر جاریش بە هۆی دابەشکردنی وشە یا بڕگە بڕگە کردنی وشە بزرۆکە دەکەوێتە نێوان پیتەکانی ئاخر.

وەکوو: جارێکی تر ، شەوێکی تر ، ژەمێکی تر

ئا لەم وشانەدا لە ئاخری وشەدا واتا "تر" بزرۆکە هەیە، بە داخەوە تا ئێستا هیچ نیشانەیەکی ئەوتۆ بۆ بزرۆکە لەم شێوە ڕێنووسەدا دانەندراوە بەڵام لە ڕێنووسی لاتیندا (i)ئەم پیتەی بۆ دیاری کراوە.

تێبینی: زۆر جار دەبینین کە دوو وشەی بێدەنگ بە دوای یەک دا هاتوون بەڵام لە نێوانیان دا بزرۆکە نیە ئەمەش بە هۆی چۆنیەتی دابەش کردنی وشە ڕوو ئەدات

بۆ وێنە لە وشەی هەورامان دەبینین کە دوو پیتی بێدەنگی "و" "ر" بە دوای یەک دا هاتوون بەڵام بزرۆکەیان نیە چون لە کاتی دابەشکردندا پیتی"ر"بە بێدەنگ دەردەچێ

هەو+را+مان

وێنە بۆ پیتی بزرۆکەدار: بزن_ گسک_ بڕۆ_ بڕوا- من _

ئێستا بۆ هەر کام لە پیتە دەنگدارەکان ٥ وشە بنووسن؟

ا_

و_

وو_

ۆ_

ی_

ێ-

ە_

بزرۆکە_

بۆ ڕاهێنان لەم وانەشدا ئەم خشتە پڕ وەکەن،هەر وەها بنووسن کە چەن بڕگە یا بەش لە زمانی کوردیدا هەیە؟

چەن دانە لەم بڕگانە دەتوانن واتایەکی سەر بە خۆیان بێ؟

وەکوو: با _ پا _ ژێ ..............

| پیت | ا | و | وو | ۆ | ی | ێ | ە | بزرۆکە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئـ | ئا | ئو | ئوو | ئۆ | ئی | ئێ | ئە | ئـ |
| ب | با | بو | بوو | بۆ | بی | بێ | بە | ب |
| پ | پا | پو | پوو | پۆ | پی | پێ | پە | پ |
| ت | | | | | | | | |
| ج | | | | | | | | |
| چ | | | | | | | | |
| ح | | | | | | | | |
| خ | | | | | | | | |
| د | | | | | | | | |
| ز | | | | | | | | |
| ڕ | | | | | | | | |
| ر | | | | | | | | |
| ژ | | | | | | | | |
| س | | | | | | | | |
| ش | | | | | | | | |
| ع | | | | | | | | |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| غ | | | | | | | | |
| ف | | | | | | | | |
| ڤ | | | | | | | | |
| ق | | | | | | | | |
| ک | | | | | | | | |
| گ | | | | | | | | |
| ل | | | | | | | | |
| ڵ | | | | | | | | |
| م | | | | | | | | |
| ن | | | | | | | | |
| و | | | | | | | | |
| هـ | | | | | | | | |
| ی | | | | | | | | |

فەرهەنگۆک:

چلوورە (قندیل) باکوور (شمال) باشوور (جنوب)

بە سپاسەوە ئامادە کردنی: هەستیار ڕۆستەمی